# فیشەکی ڕەحمەت

قوبادی جەلی زادە

لە ترۆپکی خەرەندە حەپەساوەکانەوە ، کە پێی دەڵێن
نیشتمان ،
دەڕوانمە داتەپینی ئاسمان و هەرەس هێنانی زەوی !
کێ نیشتمانەکەمی لەبەر چاوی نەتەوەکەم ، ڕەش کرد !؟
کێ نەتەوەکەمی لەبەر چاوی نیشتمانەکەم ، ڕەش کرد !؟

نیشتمانەکەم ، زوو قژی رووتایەوە ،
خەتای خۆمان بوو یا خەتای دوژمنەکانمان ؟
نەتەوەکەم ، ددانەکانی زوو هەڵوەرین ،
خەتای دوژمنەکانمان بوو یا خەتای خۆمان ؟

ئاخ ئەوساکە ، چەن ڕەزاسووک بوو ..
نیشتمانەکەم بووکەشووشەیەکی چەند ڕەزاسووك بوو .
چەند بێ گوناه بوو ، ئاخ ئەوساکە نەتەوەکەم ،
کارمامزێکی چەند بێ گوناه بوو !

لە دەستم داوە ، من خۆشەویستی نیشتمانەکەمم ، لەدەست داوە .
لە دەستم داوە ، من خۆشەویستی گەلەکەمم ، لە دەست داوە !
کێ گوڵە سوورەکانە فەساد کردوو ئابڕووی پەپوولانی
ه ە ڵ و ە را ند !؟
کێ بووکی لەسەر زین دابەزاندوو ئەسپە سپیەکانی ، ڕەتاندەوە
جەهەنەم !

خودایە کارێك بکە وەك جاران :

دار بەڕووم لە بەژنی ژن و

کانیلەم لە دەمی ژن و

ئەستێرەم لە چاوی ژن و

لوتکە چیام لە مەمکی ژن ،

خۆشتر بوێ .

خودایە وا بکە بتوانم بە عیشقەوە

تفەنگ و

قەڵەم و

مەرەکەب و

مەتارە هەڵبگرمەوە !

عیشقێک وەک عیشقی موحەمەد بۆ تۆ

عیشقێک وەک عیشقی تۆ بۆ جوانی .

لە کوێوە ئەو تۆفانی خوێیەیان رژاندە ، کانیلەو رووبارە شیرینەکانەوە ؟

لە کوێوە دووندە سپییەکان درانە بەر شەستەبارانی رەژوو ؟

لە دەستم داوە ، من خۆشەویستی گەلەکەمم لە دەست داوە

لە دەستم داوە من خۆشەویستی نیشتمانەکەمم لە دەست داوە !

قەسیدەکان خوداتان لە گەڵ

تابلۆکان خوداتان لە گەڵ

هەورەکان ،

گۆرانیەکان خوداتان لەگەڵ !

من لە هەموو قەسیدەکان و

تابلۆکان و

هەورەکان و

گۆرانیەکانت بێزارم ،

تەنیا ، لە هێڵی قەسیدەیەك و لە ئیقاعی تابلۆیەك و
لە چەپکە گریانی هەورێك و
لە شەونمی گۆرانیەکت نەبێت !

کێ شاباڵی لە پەڕەسێلکان ستاندەوەو بەسەر تفەنگانی دابەش کرد !؟
کێ خۆری رووت کردەوەو پێ تەزیوەکانی شەیتانی پێ گەرم کردەوە !
فەرموو لەو دەرگایەوە کە وەك حەزیا دەمی کردۆتەوە ،
ئـــــــــــــــــــــــــــاوابە ......
من لە هەموو زنجیرە چیاکان و رووبارەکان و مەزراکانت ، بێزارم
تەنیا ،
لە خەندەی رەوەزێك و لە کەروێشکەی کانیلەیەك و
لە خوڕەی گوڵە گەنمێکت نەبێت !
فەرموو لەو دەرگایەوە کە قفلە سیلاکەکانی و
پاسەوانە کەڕەکانی نوستوون ،
ئـــــــــــــــــــــــــــاوابە ...
من لە هەموو رێگاکان و
رۆژنامەکان و
رەنگەکان و
سەنگەرەکانت بێزارم ،
تەنیا ،
لە توولە رێگایەك و لە ستوونی رۆژنامەیەك و
لە خوێن گەرمی رەنگێك و
لە گۆشەی سەنگەرێکت نەبێت !

لە دەستم داوە ، من خۆشەویستی نیشتمانەکەمم لە دەست داوە .
لە دەستم داوە ، من خۆشەویستی گەلەکەمم لە دەست داوە .

خودایە هیدایەتم بدە ..

تا خەنجەرە چنگ بە خوێنەکانی نیشتمانەکەم بنێمەوە بەر پشتم .

ئەو خەنجەرە کەللە رەقانەی  بە ساوایی ،

پەتی جۆللانەکانیان لێ هەڵبڕیم و بە گەورەییش ، کەزی دەسگیرانەکەم .

خودایە بمکەرەوە بە دەروێشە ساویلکەکەی جاران ،

تا  پێیە کەسکەکانم لە گاشەبەردێکی نیشتمانەکەم خەتم کەمەوە ...

ئەو نیشتمانە بە دوومەی لەوەتەی هەیە ،

تاتە شۆری خەونە پەمەییەکان و قەبرستانی ئازیزانە .

کێ خۆری تاڵان کردوو ئەژنۆ سڕەکانی شەیتانی پێ گەرم کردەوە ؟

کێ بووکی لەسەر زین دابەزاندوو ئەسپە سپییەکانی سپاردە دۆزەخ ؟

کێ گوڵە سوورەکانی فەساد کردوو ئابڕووی پەپوولانی هەڵوەراند ؟

کێ بە فیکەیەک منداڵە کوێرەکانی لە باژێڕەکانی گەمەوە ،

رەتاندەوە مەزراکانی مین ؟

ئەی هۆش .. ئەی باڵندەی کوشندە

لەو بڵندابیەوە بە ساتەکانی نەفامی خۆم و هاوڕێ گێلەکانم دەخەنم

ئەو ساتە لەدەست چوانەی ، شەیدای زیندارە بادارەکان و

عیشقی کورسیە سڕەکانی شەهید بوون بووین !

لەو بڵندابیەوە ، بۆ سەربوردە رووسوورەکانی خۆم و

برادەرە فێ گرتوەکانم دەگریەم

ئەو برادەرانەی ، سەنگەروو ئاگردان و قەبریان ،

لە رۆحە سپییەکان و لە ماسولکە لاوازەکانی خۆیان هەڵدەکەند !

درێغا نیشتمانە کوێرەکەم درێغا ..

پاگژتر بووم لە کازیوەی بەر لە هەڵهاتنی شەڕوو

لە شەونمی بەر لە دابارینی هەوەڵ ژەهر .

**پاگژتر بووم لە بێنوێژی فریشتەو لە داوێنی خوداوەندوو**

**لە ساوایەتی بەفر .**

**« لە بن**

**خیوەتە رەشتاڵەکانی سەحرا روو زەردەکان رووت کراینەوەو**

**پاشانیش بەسەر باڵی کوندەبۆیەکی خوێناویەوە ، هەموو شتێکیان**

**بۆ هەناردینەوە ... تەنیا ،**

**حورمەت و**

**منداڵیەتی نەبێ !! »**

**لەسەر بڕینی یەکەم گوڵەوە ، درەختەکان چەپڵەیان بۆ کوتام و**

**رووبارەکان سەمایان بۆ چڕیم !!**

**لە پان کردنەوەی یەکەم زەڕنەقووتەوە ، پەڕەسێلکان ،**

**پەڕوو باڵیلن بۆ کردم بە رەشماڵی حەسانەوەو**

**چۆلەکەکان ، خوێنیان تۆو کردم بە وەنەوشەی جریوە !**

**بێ ئاگا ،**

**زیندان و زەویمان هەڵبژاردوو هەڵفڕینمان دا بە ئەستێرە !**

**بێ ئاگا ،**

**مێش و برینمان هەڵبژاردوو ، عیشق و گۆرانیمان دا بە کەناری !**

**بە شوێن روندکی مۆمە مۆمیاکراوەکانی ئەشکەوتە رماوەکان**

**وێل بووین و**

**گوڵ و پێکەنینمان بۆ گەمەکانی جەنگ ، فەرامۆش کرد !**

**زەمینمان بە مەدارە ئاوەدانەکانی تاریکی سپاردوو**

**خۆریشمان ،**

**لە بیابانە چۆڵ و هۆڵەکانی جەردەییدا ، بەتەنیایی بە جێهێشت !**

**کێ وای کرد رەنگەکان هێند تێکەڵاو بن ،**

تا  نركەی بەزین و نووزەی سەركەوتن ،

ل یَ ج و دا  .. نەكەیتەوە !؟

كیَ وای كرد دەنگەكان هێند تێكەڵاو بن ،

تا سیمای رێگروو بیچمی پێشمەرگە

ل یَ ك ج و دا .. نەكەیتەوە !؟

كیَ وای كرد ، برینی بەرخەكان لە ژیلەمۆ بگرینەوەو

دەستی گورگەكانیشمان لە خەنە !؟

چاوی زینەكانمان بە دەرزی بڕژین و

لێوی مەڕگەوەرەكانیشمان ، بە زەردەخەنە !؟

لە خامۆشكردنی چرایەكەوە ، بۆ هەلا هەلا كردنی

سەرنجە مینابەندەكانی سپیدە !؟

لە هەڵوەراندنی دڵی پەپوولەیەكەوە ، بۆ ئاگرتێبەردانی ،

مەشتەلەكانی برژانگ و باخچە هەڵواسراوەكانی دیدە !

درێغا بیشتمانە گێلەكەم .. درێغا

تۆ هەنووكە :

نێرگز دەچێنیت و ... زریانیش .

پێكەنین كەوی دەكەیت و گریانیش

پشكۆ لەباوەش دەگریت و بەفریش

نان دەبرژێنیت و ژەهریش !

تۆ هەنووكە :

زیندان هەڵدەچنیت و منارەش

گەردن بەخێو دەكەیت و سێدارەش

شەرمەزارتم ئەی گەردن ،

لەبەر بریقەی شمشێردا چاوت كردەوەو

لەنێو قەفی تەنافیشدا ، ردێنت سپی بوو !
شەرمەزارتم ئەی دیدە ..
هەر تاریکستانی زیندانەکان و پەلکەزێڕینەی برین و
کاگەکانی مردنم نیشان دای .
لێم ببوورن ، پەنجە کوێرەکانم
زمانە داغکراوەکەم
پەراسووە رزیوەکانم
لاقە سەقەتەکانم
شمشێرە خەسێنراوەکەم ...
خەتای نەفامی خۆم و وەسیەتی باوکە کاژیکەکەم و
لایلایە بە جۆشەکانی دایکم بوو !!

بێ ئاگا ،
مێشو برینمان هەڵبژاردوو عیشق و گۆرانیمان دا بە کەناری .
بێ ئاگا زیندان و زەویمان هەڵبژاردوو ئاسمان و هەڵفرینمان ،
دا بە ئەستێرە !
کێ نیشتمانەکەمی لەبەر چاوی نەتەوەکەم رەش کرد ؟
کێ نەتەوەکەمی لەبەرچاوی نیشتمانەکەم رەش کرد ؟
من لە هەموو ،
قەسیدەکان و تابلۆکان و هەورەکان و گۆرانیەکانت بێزارم !
من لە هەموو ،
رێگاکان و رۆژنامەکان و رووبارەکانت بێزارم !

خودایە هیدایەتم بدە وەک جاران ،
باخەڵ و بەرپشت و دەم و هەرتک چاوم ، پڕ بکەمەوە لە :
مێوژی خاک و

ڕەشە ڕەیحانەی خاك و

نوقڵی خاك و

سورمەی خاك .

خودایە کارێك بکە وەك جاران ،

دار بەڕووم لە بەژنی ژن و

کانیلەم لە دەمی ژن و

ئەستێرەم لە چاوی ژن و

لووتکە چیام لە مەمکی ژن ،

خۆشتر بویٚ !

خودایە وابکە بتوانم بە عیشقەوە ..

قەڵم و تفەنگ و مەرەکەب و مەتارە هەڵبگرمەوە

عیشقێك وەك عیشقی موحەمەد بۆ تۆ

عیشقێك وەك عیشقی تۆ بۆ جوانی !

خودایە هیدایەتم بدە ..

خودایە هیدایەت .

هیدایەت !